هێشیار زێباری: هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک نایاسایی

هێشیار زێباری، سەرکردەی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک لە تەڵەفۆنێکی ئەکس نوسیویەتی، "لەم دواییانەدا لە کەبونەوەی لایەنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە لە هەتەل ئەلەڕشید لە بەغداد ڕێکخرا و پارێزگاری کەرکووک تێیدا هەڵبژێردرا نایاسایی و کاری پێ ناکرێت، چونکە کەرکووک عێراقێکی بچووککراوەیە و دەبێت بە ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان پارێزگار هەڵبژێردرێت".

شایەنی باسە، شەوی شەممەی ڕابردوو لە هەڵبژاردنەکی داخراودا کە لە بەغداد بەڕێوەچوو، ڕەبوار تەها، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرینەی دەنگی بەدەستهێنا و بووە پارێزگاری کەرکووک بە بەشداری نە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، ئەمەش دوای حەوت ساڵە کورد ئەم پۆستەیی بەدەستهێناوە.